# میتۆدی شێخ محەمەدی خاڵ لە نوسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام-د.خ-

پ.ی. د.بهمن صالح محمد

زانکۆی سلێمانی -کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

Bahman.mohammad@univsul.edu.iq

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختە**

شێخ محمد الخال یەکێکە لە زانا دیارەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد. لە بوارەکەیدا وەک زانا و دادوەر و لێکۆڵەر لە زانستە ئیسلامییەکان سەرکەوتوو بوو. بە زانیارییە بەرفراوانەکانی لە بواری فیقە و تەفسیردا جیاواز بوو، چەندین بەرهەمی نووسیوە کە بەشدارییان لە بڵاوکردنەوەی زانستی ئیسلامیدا کردووە. میتۆدۆلۆژیای ئەو لەسەر گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئیسلامییە ڕەسەنەکان، بە پلەی یەکەم قورئان و سوننەت، لە هەمان کاتدا جەختی لەسەر خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەو دەقانە و دوورکەوتنەوە لەو ئەفسانە و هەڵبەستراوانەی کە بە تێپەڕبوونی کات کەڵەکە بوون، کە کۆمەڵگای بەرەو نەزانی و تاریکی بردبوو.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئامانجمان لێکۆڵینەوە لە میتۆدۆلۆژیای شێخ محمد الخال لە نووسیندا سەبارەت بە ژیاننامەی پێغەمبەر و چۆنیەتی پابەندبوونی بە ڕێبازێکی توند و تۆڵ و جیاکردنەوەی لە بەرهەمەکانی پێشوو بەتایبەت ئەوانەی بە زمانی کوردی نووسراون. ئێمە ڕێبازی ئەومان بۆ ژیاننامە شیکردەوە، لەوانەش مامەڵەکردنی لەگەڵ پێشەکی و ناوەڕۆک و کۆتایی و هەموو ئەو بەشانەی کە ڕەنگدانەوەی شێوازە ناوازەکەین، بۆ ئەوەی ئەو میتۆدۆلۆژیایە وەربگرین کە زاڵ بوو بەسەر نووسینی ژیاننامەی پێغەمبەردا.

**پێشەکی:**

هەر لەسەرەتاکانی مێژووی ئیسلامەوە و لەوکاتەوەی کە دەستپێکی گرنگیدان بوو بەزانستە شەرعیەکان، ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لەلای سەرجەم زانایانی ئاینی ئیسلام پیرۆزی و گرنگی تایبەتی خۆی هەبوە و هەیە، بۆیە هاوەڵێکی وەك سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەیفەرموو: ئێمە منالەکانمان فێری ڕوداوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر دەکرد هەروەك چۆن فێری سورەتێکی قورئانمان دەکردن! وە زانایەکی گەورەی سەردەمی شوێنکەوتوان لە گەورەیی ئەم زانستەدا دەڵێت: زانستی ژیاننامەی پێغەمبەر( علم السيرة )زانستی دنیاو دوارۆژە(العمري، 2011، 314، العوجي، 2004، 10) . لێرەوە بەشێکی زۆری ئەو زانایانە دەستیانداوەتە نوسینەوەی ئەو ژیاننامەیە و زۆرجار لە حوکمە شەرعیەکانیشدا سودیان لێوەرگرتوە و کردویانەتە پاڵپشتێکی لەپێشینەی بیرو بۆچون و مەزهەبەکانیان.

زانایانی کوردیش هەرلەکۆنەوە لەم لایەنەدا هاوتەریب ڕێیان کردوە و خاوەنی چەندین نوسین و بەرهەمی بەپێزبوون لەو بوارەدا، کە ڕەنگە شێخ محەمەدی خاڵ نمونەیەکی پرشنگداری ئەو بوارە بێت کە هەوڵی داوە ژیاننامەیەکی پوخت و دور لە هەواڵی هەڵبەسترا و و ناڕاست بنوسێت، هەرئەمەش وایکرد کە ئێمە هەڵبستین بە شەن و کەوکردنی ئەو میتۆدەی کە لەو نوسینەدا پەیرەوی کردوە و هەنگاو بەهەنگاو شوێنی شێوازەکەی بکەوین و وەسفی بکەین، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بگەینە ئەوەی کە جیاوازی کار و میتۆدی شێخ محەمەدی خاڵ لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی بزانین و ڕادەی ئەو تازەگەریە بزانین کە لەنوسینەوەی ئەو ژیاننامەیەدا کردوێتی بەتایبەتی بە بەراورد لەگەڵ نوسینەکانی پێش خۆی کە لەکۆمەڵگای کوردیدا هەبووە.

لەنوسینی ئەم بابەتەدا سودمان لەچەندین سەرچاوەی گرنگ وەرگرتوە بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی کە لەبواری ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) هەن کە لە پێشینیانەوە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و ئەو سەرچاوانەی کە تەرخانکراون بۆ ئەو ژیاننامەیە وەك: (سيرة ابن اسحاق) و (السيرة ابن هشام) و (الطبقات الكبرى لابن سعد) و( السيرة النبوية

الصحيحة لاكرم ضياء العمري)، ئەمە جگە لەخودی بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ بەتایبەتی ئەو ژیاننامەیەی کە لەو بوارەدا نوسیویێتی بەناوی (**مەولودنامەی نەو ئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر**).

نوسینی توێژینەوەکەمان لە پێشەکیەك و دوو بەشی سەرەکی پێك دێت کە لەبەشی یەکەمدا باسمان لە ناو و هۆکاروپاڵنەرەکانی نوسینی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام-د.خ- و لەبەشی دوهەمیشدا باسمان لە میتۆدی شێخ محەمەد خاڵ لە نوسینەوەی ژیاننامەی (مەولودنامەی نەو ئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر) کردوە و کۆتایی توێژینەوەکەش بە نوسینی ئەنجامی توێژینەوە هاتوە کە تیایدا گرنگترین ئەو خاڵانە هاتوە کە لەنوسینەوەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووین.

**بەشی یەکەم:**

تەوەری یەکەم: کورتەیەك لەژیاننامەی شێخ محەمەدی خاڵ

ناوی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەلی کوڕی حاجی ئەمینی کە ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر ساداتی پیرخدری شاهۆیی، کەئەوانیش دەگەڕێنەوە سەر ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیب.

شێخ محەمەدی خاڵ لە شاری سلێمانی و لەساڵی 1904ز لەبنەماڵەیەکی دیندار و زانستدۆستی خاڵ هاتۆتە دنیاوە، کە ئەو نازناوە نازناوی یەکێك لە باپیرە گەورەکانیان بوە کە ناوی شێخ محەمەدی خاڵ بووە.

هەرلەسەرەتای منداڵیەوە خولیای زانست و خوێندن بوە و سەرەتا لای باپیری و دواتر لە لای مەلای گەورەی کۆیە خوێندێتی و بوەتە بانگخواز و نوێخوازێکی گەورەی بواری ئاینی و لەساڵی 1929ز دەبێتە قازی لەهەڵەبجە و دواتر لەساڵی 1945ز دەبێتە قازی لەشاری سلێمانی و لەساڵی 1948ز قازی لە کەرکوك و لەساڵی 1956ز دەبێتە قازی یەکەم لەشاری موسڵ و لەساڵی 1963ز دەبێتە قازی یەکەمی شاری بەغداد. لەساڵی 1967ز لەسەر داوای خۆی واز لە قازیێتی دەهێنێت و خانەنشین دەبێت. لەساڵی 1970ز دەبێتە سەرۆکی یەکێتی ئەدیبانی کورد لەسلێمانی و دواتر و لەهەمان ساڵدا دەبێتە جێگری سەرۆکیکۆڕی زانیاری کورد، لەساڵی 1980ز دەبێتە ئەندام لە (المجمع العربي الأردني).

شێخ محەمەدی خاڵ لەدوای خزمەتێکی گەورە و گران لەساڵی 1989ز کۆچی دوایی کرد ، لەگۆرستانی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردراوە . کە لەدوای خۆی چەندین نوسین و بەرهەمی بەپێزی جێهێشت، لەوانە: تەفسیری خاڵ، ناڵەی دەروون، فەرهەنگی خاڵ . هەروەها (**مەولودنامەی نەو ئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر**) کە لەبارەی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلامەوە (د.خ) نوسیویێتی و بابەتی ئەم توێژینەوەیەمانە ( رۆحانی، 2011، 953- 955، البيضاني، 212، 360-362، ئینسکلوبیدیا،2018، 252-260، الهوراماني، 2021، 31-74).

**تەوەری دوهەم**

**ناو و هۆکاروپاڵنەرەکانی نوسینی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام-د.خ-**

یەکەم: ناونانی بەرهەمی **ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام-د.خ-** و مێژووی نوسینەکەی :

محەمەدی خاڵ ئەوبابەتەی کە لەبارەی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام-د.خ- وە نوسیوە لەژێر ناونیشانی (مەولودنامەی نەو ئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر) نوسیوەو کە بەشێکە لە کۆمەڵە نوسینێکی مامۆستا شێخ محەمەد خاڵ و سەرجەمیان لەدوتوێی کۆبەرهەمێك لەژێر ناوی ( ناڵەی دەروون) چاپ کراوە.

محەمەد خاڵ ئەوەنەبێت تەنها لەو بابەتەیدا باسی لە ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام-د.خ- کردبێت، بەڵکو لەچەندین بوارو بابەتی تر و لەژێر ناویتردا ئەو ژیاننامەیەی باس کردوە ، وەك : کۆچی پێغەمبەر بۆ مەدینە ، کردو کۆشی، شەرم و حەیا، شەوڕەوی پێغەمبەر-د.خ ڕەمەزان و ئەوشتانەی کەبیرمان دەخاتەوە، (2021،ب367،6-370 ،374 -376، 380-384 ، 396-398). بۆیە ئێمە کاتێك لەسەر میتۆدی محەمەد خاڵ دەنوسین بەپلەی یەکەم سوود لە بابەتی ( مەولودنامەی نەو ئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر)

وەردەگرین و بەپێی پێویستی و گرنگی دەگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتانەی تریش لەبەرئەوەی سەرجەمیان پەیوەندیدارن بەو بابەتەی کە ئێمە مەبەستمانە.

کات و هۆکاری نوسینی ژیاننامەی (مەولودنامەی نەو ئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر) :

لەپێشەکی چاپی دوهەمی بابەتی ( مەولودنامەی نەو ئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر) شێخ محەمەد خاڵ ئاماژە بەوە دەدات کە بۆیەکەمجار ئەم بەرهەمە لەساڵی (1359ك – 1937ز) لەچاپدراوە، دواتر لە ساڵی 1972 بۆ دوهەمجار چاپکراوەتەوە ، لەساڵی 2021 یش لە چوارچێوەی کۆبەرهەمی شێخ محەمەد خاڵ لەلایەن ناوەندی هزری رۆشنبیری خاڵەوە چاپکراوەتەوە.

سەبارەت بە هۆکاری نوسینی ئەم بابەتە ڕەنگە راسترین و نزیکترین هۆکار ئەو هۆکارانەبێت کە شێخ محەمەد خاڵ خۆی لەسەرەتای چاپی یەکەمی ئەم شاکارەیدا ئاماژەیان پێدەدات و دەڵێت: پێویستە لەسەر هەموو کەسێك زانینی سەرگوروشتەی پیاوانی گەورە و هەڵکەوتووی جیهان، تابکرێن بەسەرمەشقی ژیان، لەهەموو گوفتار و کردارێکیانا، هەر لەبەر ئەمەیە قورئان لەزۆر جێ داستان و سەرگوروشتەی پێغەمبەران ئەگێرێتەوە بۆ پێغەمبەری ئیسلام، کە گەورەترین هەڵکەوتوویەکە لەناو هەڵکەوتووانی جیهان، وەیەکەمین کەسێکە کە دەرگای پێشکەوتن و خۆشبەختی کردووتەوە لەکۆمەڵی ئادەمیی ، وە رزگاری کردوون لە نادادی و بتپەرستی و شتی پروپووچ ، وە چرای زانین و کردوکۆشی هەڵگیرساند لە رۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، وە ژیریی و بیری رزگارکرد لەزیندانی و چاولێکەری و دیلیی...... زانینی سەرگوروشتەو داستانی ژیانی ئەم پێغبەرە گەورەیە بۆ هەموو کەسێك پێویستە، چ جای موسڵمان ، کەچی لەهەموو کەس بێ ئاگاتر لەبەسەرهاتی ئەم پێغەمبەرە ئەوانن...... بۆ ئەوەی هاوزمانەکانم لەداستان و سەرگوزشتەی پێغەمبەرەکەیان بگەن هاتم بەناوی مەولوودنامەوە لەبەسەرهاتی پێغەمبەر ئەم چەند لاپەڕەیەم نوسی، بەڵکو خوا یاربێ بەم بەهانەیەوە بخوێنرێتەوە لەناو مەردوما، وە گوێی لێ بگرن، وە لەژیانی پێغەمبەرەکەیان کەمێ شارەزا ببن ( 2021، ب6، 317).

هەر لەهۆکارەکانی دانانی ئەم بەرهەمەیدا کاتێك چاپی دوهەم بەچاپ دەگەیەنێت ، لەپێشەکیەکەیدا دێتە سەر کۆمەڵێك هۆکاری تر و دەڵێت: لە ساڵی (1358ك - 1936ز) کە خوالێخۆشبوو پیرەمێرد سەرۆکی زانستی بوو، ویستی مەولوودێك بخوێنێتەوە لە زانستی ، لەو حەلەشا لە مەولوودنامەکەی شێخ حسەینی قازی زیاتر – کە سەدو پەنجا ساڵ بوو نوسرابوو- هیچی تر نەبوو، کەئەویش زۆری قسەی پڕوپووچن، وە شعرەکانیشی عەرەبین، ناچار پیرەمێرد داوای لێکردم کە مەولوودنامەیەك بنوسم، منیش هاتم مێژووی پێغەمبەر کورتەیەکم دەرهێنا، لەوباسانەی کە ببن بە سەرمەشق بۆ هەموو کەسێك وە بۆ هەموو گەلێك ( 2021 ، ب6، 319 ).

**بەشی دوهەم**

**میتۆدی شێخ محەمەد خاڵ لە نوسینەوەی ژیاننامەی (مەولودنامەی نەو ئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر):**

- **نوسینی پێشەکی :**

سەرەتای نوسینی ئەو ژیاننامەیە لەهەردوو چاپی یەکەم و دوهەمدا بە پێشەکیەك دەستی پێکراوە کە تیایدا گرنگی ئەو ژیاننامەیە و ژیاننامەی پێغەمبەرانی تر و گەورەیی پێغەمبەری خوا و پەیامەکەی تیادا ڕوونکردۆتەوە هەروەك ئاماژەشمان پێدا کە شێخ محەمەد خاڵ دەڵێت : زانینی سەرگوروشتە و ژیانی ئەم پێغەمبەرە گەورەیە بۆ هەموو کەسێك پێویستە چ جای موسڵمان، دواتر گرنگی زانینی ئەو ژیاننامەیە بۆ نەوەکانی ئەوکات و داهاتووی کورد ڕوون دەکاتەوە، ئەمە جگە لە باسکردنی چۆنێتی دەستکردن بەو پرۆژەیە و کاریگەریەکەی لەناو خوێنەران و بیسەرانی ئەو بابەتە ڕوون دەکاتەوە، ( 2021 ، ب6 ،317 - 320).

- **ناوەڕۆك:**

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بابەتی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) کە لەلایەن شێخ محەمەد خاڵ نوسراوەتەوە لە هەندێکیاندا بەڕوونی ئاماژە بەوە دەدات کەئەو بابەتە ژیاننامەیە یاخود ناونیشانێکی شیاوی سەردەمی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) دادەنێت کەلەوێوە خوێنەر دەزانێت ئەم بابەتە تەرخانە بۆ ئەو باس و خواستە وەك مەولودنامە یاخود پێغەمبەر یان کۆچی پێغەمبەر بۆ مەدینە یان شەورەوی پێغەمبەر .

بەڵام هەندێجاریش لەدوتوێی بابەتێکی ترەوە باسی ئەو ژیاننامەیە دەکات و ناونیشانی جیاوازە یاخود لە دوتوێی تەفسیری ئایەتێکی قورئانی پیرۆز یان فەرمودەیەکەوە باسی دەکات.

کاتێك خوێنەر دەروانێتە ئەو نوسینەی کە تایبەتە بە ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) وەك یەکوتار دەیبینێت و جگە لە ناونیشانە سەرەکیەکە هیچ برگە و بابەت و ناونیشانی لاوەکی تیا بەدیناکات، بەڵکو زنجیرەی باس و رووداوەکان دەبینێت بەدوای یەکدا بێبونی جیاکەرە و ناونیشانی لاوەکی ( خاڵ، ب6، 317 – 336) .

ئێمە لەم نوسینەماندا بەشێوەیەکی گشتی و بەپێی پێویستی توێژینەوەکە بەدواچوونی میتۆد و شێوەی مامەڵەی شێخ محەمەدی خاڵ هەوڵ دەدەین زۆربەی ئەو وتارانە سوود لێوەربگرین کەباسی ژیاننامەی پێغەمبەریان تێدایە.

- شێوەی نوسین: بەگشتی نوسینەکانی شێخ محەمەدی خاڵ بەکوردیەکی شێوە سۆرانی جوان و ئاسان و دور لەهەڵەی زمانەوانی نوسراوە، کە خەسڵەتێکی ئەدەبی بەسەریدا زاڵە و زۆرجار لە پێناوی درێژنەبونەوەی نوسین پەنای بردۆتە بەر کورتبڕی، هەروەك خۆشی ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت: منیش هاتم لە مێژووی پێغەمبەر کورتەیەکم دەرهێنا ، لەو باسانەی کە بێن بەسەر مەشق بۆ هەموو کەسێك، وە بۆ هەموو گەلێك ( 2021 ، ب6، 319 )، کە ئەم شێوە لە کورتکردنەوە پێشتریش بەشێك بوە لەکاری زانایانی وەك ئبن حەزمی ئەدەلوسی لەکتێبی( جوامع السيرة) (ابن حزم، 2003) ، وە ئبن عەبدول بەری هاوچەرخی لە کتێبی (الدرر فی اختصار المغازی و السير) ( 1982)، وە محەمەد عبد الوهاب لە کتێبی (مختصر سيرة الرسول صل الله عليه وسلم) ( 1993).

تۆمارکردنی رووداوە مێژوییەکانی ناو ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام و ئاماژەدان بە کات و بەروارەکان:

شێخ محەمەدی خاڵ وردەکاریەکی باش لەم لایەندا دەکات و گرنگی شایستەی پێدەدات، بۆیە هەر لەسەرەتای بابەتەکەدا دەڵێت : هەمووساڵێك لەرۆژی 12ی مانگی مەولودا بەهەزاران کۆری مەولودی تیا ئەگیرێ، هەر لەدوای ئەوەش لەدایکبوونی پێغەمبەری خوا (د.خ) تۆمار دەکات کە بەیانی رۆژی دووشەمەی دوانزەی مانگی ربیعی یەکەمە بەراوردیشی دەکات بە بەرواری زاینێکە و کە دەڵێ رێکەوتی 20ی نیسانی ساڵی 571زاینی بووە ( 2021 ، ب6، 319 ) کەئەم جۆرە ئاماژانەش گرنگیدانی مێژووی و سوربوونی لەسەر هەژمارکردنێکی ورد لەلای نوسەر دەردەخات کە دەبێتە جێگەی سودگەیاندنی زیاتر بە بابەتە مێژووییەکان بەتایەتی بۆ پسپۆرانی ئەو بوار و سەردەمە.

ئەمە جگە لەوەی لەهەریەك لەرووداوەکانی کۆچکردنی هاوەڵان بۆ حەبەشە و شەورەوی پێغەمبەر (د.خ) و پەیمانی عەقەبەی یەکەم و دوەم و فەرزکردنی رۆژوی رەمەزان و سەرفیترە و زەکات و بانگدان و گۆرینی رووگە(قيبله) لە بيت المقدسەوە بۆ کەعبە و غەزاکانی بەدر و ئوحد و زات رقاع و خەندەق و فەتحی مەککە و تەبووك و دابەزینی ئایەتی تەیەموم و کورتکردنەوەی نوێژی چوار رکاتی لەسەفەردا ساڵی ئەو ڕوداوانە دەنوسێت ( 2021 ، ب6، 326-333 ).

لەوەفاتی پێغەمبەریشدا(د.خ) دیسان گرنگی دەدات بە دیاریکردنی کاتی نەخۆشی و دواساتەکانی وەفاتکردنی، کە هەر لە (حجة الوداع ) و دابەزینی ئایەتی [ اليوم أكملت لكم دينكم و اتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الاسلام دينا] المائدة 3 ، وە کە ساڵی 10کۆچیە باس دەکات بەشێوەیەکی کورت هەتاوەکو رۆژی دووشەمەی دوانزەی ربيع الأول و کە دەڵێ پاش ئەوەی بردیانەوە دوای دوو سەعات کۆچی دوایی کرد، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ساڵی وەفاتکردنەکەی بەشێوەیەکی روون تۆمار ناکات(2021 ، ب6، 333-335) .

- **ناوهێنانی کەسایەتیەکانی ناو ژیاننامەکە:**

بەگشتی لەبابەتی ژیاننامەکەی پێغەمبەری خوادا شێخ محەمەدی خاڵ ناوی نزیکەی 30 کەسی هێناوە، ئەمە جگە لەبابەتەکانی تر کە لەبابەتی (پێغەمبەر د.خ) نزیکەی 15 ناو و لە ( کۆچی پێغەمبەر بۆ مەدینە) نزیکەی 10 ناوی باس کردوە.

بەڵام شێوازی ئەو ناوهێنانە، بەگشتی کاتێك ناوی کەسایەتیەکان دەهێنێت زۆر ناچێتە ناوهێنانی ڕەگەز و ڕەچەڵەکیان، بە نموونە کاتێك باسی خودی پێغەمبەری ئیسلام دەکات تەنها ناوی خۆی و سیان لە باووباپیری دەهێنێت و دەڵێت: پێغەمبەر کە موحەمەدی کوری عبد الله ی کوری هاشمی قورەیشیە (2021 ، ب6، 320)، لەکاتێکدا زۆربەی نوسەرانی کۆن و نوێی ئەو ژیاننامەیە وا ڕاهاتوون کە هەتا عدنانی باپیرە گەورەی دەنوسن(بۆنمونە ابن اسحاق، 2004، 1، 117، ابن هشام، السيرة

sjh@univsul.edu.iq

النبوية،13،1،2001، ابن سعد، 1997، 1، 46- 49، البخاري، 2004، ص451، المسعودي، مروج الذهب، د.ت،2، 244، العمري، 2013، 110 ) کە لەھەندێك لەوانەدا زیاتر لە باپیرە عدنانی و ھەتا ئیسماعیلی کوری ئیبراھیم پێغەمبەر ( الخضري، 2004، 8) و ھەندێکیشیان تەنانەت ھەتا ئادەمیشیان نوسیوە (ابن اسحاق،2004، 17،1، ابن ھشام،2001، ج1، ص13، ابن سعد،1997، 1، ص46- 49 ).

ئەم شێوازە جگە بۆ ناوی پێغەمبەری خوا ( د.خ) ، لەناوی ھاوەڵەکانی وەك( ئەبوبەکری صدیق) و (زیدی کوری حارس) و (بلالی حەبەشی( و (عثمان) و (سعد) و (طلحة) و (زبیر) و (عبدالرحمان) و (حمزە) و (أرقم) و (أسماء کچی ئەبوبەکر) و (فەزلی کوری عەباس) و (عەبدوڵای کوری ئەبوبەکر) و (عامری کوری فوھەیر) بەدی دەکرێت. (2021،ب 1، 21، 574) و ( 2021، ب6، 326-330 و 332و334 و353) .

ھەندێجاریش تەنھا نازناوی کەسەکان دەنوسێت وەکە لە ناوھێنانی: (نەجاشی)، پاشای یەمەن، کیسرا (2021، ب6، 326 و 328).

■ **شێوازی خستنەڕووی بابەتەکان:**

لەوبابەتانەی کە لە ژیاننامەی (مەولودنامەی نەو ئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر) شێخ محەمەد باسیان دەکات دەتوانین بڵێن میتۆدێکی وەسفی مێژوویی تیادا بەکارھێناوە، وە سەراپای رووداوەکان بەپێی زنجیرەیی مێژوویی خۆی باس کردوە، واتا لەکۆنەوە بۆ تازە رووداوەکانی داناوە. بۆیە دەبینین سەرەتا باسی لە سەردەمی پێش لەدایکبونی پێغەمبەر(د.خ) و دواتر لەدایکبوونی و منداڵی و تاوی لاوێتی و رووداوەکانی پەیوەست بەوسەردەمە کە بەسەردەمی پێش ئیسلام یاخود سەردەمی جاھلی ناسراوە، دواتریش دێتە سەر باسی چۆنێتی ھاتنی سروش(الوحي) و چۆنێتی روبەروبونەوەی قورەیش و کۆچکردن و پەیماننامە و غەزەکان و دواتریش باس لە فەتحی مەککە لە 8 ی کۆچیدا و حەجی ماڵئاوایی لە 10 ی کۆچیدا و دواتریش باس لە وەفاتی دەکات(2021، ب6، 320-334).

■ **ئاماژەدان بە ھۆکاری دابەزینی ئایەتەکان (أسباب نزول):**

یەکێك لە سودەکانی باسکردن لە ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) شارەزابوونە لە ھۆکاری دابەزینی ئایەتەکانە (أسباب نزول)، وەك (ئبن حەجەری عەسقەلانی) دەڵێت: کە زۆرێك لە ھۆکارەکانی دابەزینی ئایەتەکان لە کتێبەکانی تایبەت بەژیاننامەی پێغەمبەردا ھەیە( 1997، 220)، بۆیە لە نوسینەکەی شێخ محەمەد خاڵدا ئەوە بەدیدەکرێت . ئەگەر لەنێو رووداوەکاندا ھۆکاری دابەزینی ئایەتێك ھەبێت ئاماژەی پێدەدات وەك لەرووداوەکانی تایبەت بە دابەزینی سورەتی عەلەق( 2021، ب6، 325) و المدثر (ب6 ، 325) و سورەتی مریم ( 2021، ب6، 327).

■ **بەکارھێنانی شیعر :**

ھەر لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلامەوە (د.خ) شیعر گرنگی خۆی ھەبوە یەکەمین چەکی ھاوەڵان بووە لە ڕوبەروبونەوەی دوژمنەکانیان، وە لە ژیاننامەیدا ھەمیشە ناوی سیان لەھاوەڵە بەرێزەکانی ھاتون کە لەگەڵیدا دژی کافران و موشریکان شیعریان دەھۆنیەوە، کەئەوانیش ھەریەك لە (حەسانی کوڕی سابت) و (کەعبی کوڕی مالیك) و(عبداللە کوڕی ڕەواحە) بوون( وھیب،4)

ھەندێکجار لەو ژیاننامەیەدا پەنای بردۆتە بەر بەکارھێنانی شیعر بۆ گەیاندنی مەبەست و ڕوونکردنەوەی بابەتەکان، وەخۆشی باس لەوە دەکات کە خودی بابەتەکان کەدەینوسین پیرەمێرد ئەیکرد بەشیعر، وە بەشێك لەو شیعرانەشی تۆمار کردوە کە ژمارەیان 8 بەیتە شیعرە ( 2021، ب6، 319 و 321 و 322 و 324 و 328 و 331 و 333 و 336) .

■ **دوعاکانی لەچوارچێوەی نوسینی ژیاننامەی پێغەمبەردا (د.خ):**

شێخ محەمەد لە نوسینی ئەو ژیاننامەیەدا زۆرجار دوعاو پارانەوە وەك بەشێك لەتەواوکاری ئەو جۆرە نوسینانە بەکاردەھێنێت. بۆ نمونە ھەر لە سەرەتای چاپی دووھەمی بابەتەکەیدا دەڵێت: ھیوادارم بەتێگەیشتن و پێگەیشتنی گەلی کورد کەلەجاری پێشوو زیاتر پەسەندی بکەن، ئیتر لەسەر خوا( 2021، ب6، 319). وە لە کۆتایی ئەو بابەتەشدا دەڵێت: ئیتر خوا لەجیاتی کۆمەڵی ئادەمی پاداشتی ئەم پێغەمبەرە بداتەوە بە پاداشتێکی وا کە زێ بندەی ئەو خوایە و شایستەی ئەم پێغەمبەرە خۆشەویستەبێ ، وە موسڵمانان بەڵکو ھەموو ئادەمی بپارێزێ لەھەموو جەنگ و ئاژاوەیەك، وە ئاشتی بخاتە ناویانەوە وە سەربەستی و سەربەخۆییان بداتێ( 2021، ب6، 336).

sjh@univsul.edu.iq

هەرلەم لایەنەوە کۆتایی بابەتی( کۆچی پێغەمبەر بۆ مەدینە) دوعا دەکات و دەڵێت: خوایە تاقە چرایەك کەلەهەموو دنیادا مابێتەوە چرای ئیسلام و نوری قورئانە، خوایە ئەم چرایە ئەگەر خوانەخواستە بکوژێتەوە، دنیا ئەبێ بەتاریکستان و کافرستان، ناوی خوا لە جیهان نامێنێ، خوایە (مجدد)ێك بنێرە بۆ دینەکەی خۆت کە تازەی بکاتەوە، وە ئەم سەگ و گورگانە کە ئەیانەوێ ڕیشەی دەربێنن لەباڵیان بدەی، وە خۆیان بە خۆیان قڕکە، وەك تا ئێستا کردووتە، خوایە ڕەحمێك، خوایە دەروویەك( 2021، ب6، 355).

لەکۆتایی بابەتی( کرد و کۆشی) پشدا دەپاڕێتەوە و دەڵێت: ساخوا بێدارمان بکاتەوە، تاکاڵای تەمەڵی و تەوەزلی داکەنین لەبەرخۆمان، وەباڵی لێهەڵماڵین و داوێنی ئیشکردنی لێبکەین بەلادا، تاوەك میللەتی قورئان وڵاتەکەمان پێش بخەین لە هەموو ڕوویەکەوە( 2021، ب6، 370).

## ■ ڕوونکردنەوە ( التوضيح):

یەکێك لە میتۆد و کارەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە نوسینەوەی ئەو ژیاننامەیەدا بریتیە لە ڕوونکردنەوەی ئەو بابەت و باسانەی کە پێویستیان بەو ڕوونکردنەوەیە هەیە تاوەکو بیرۆکەکە باشتر و جوانتر بگاتە خوێنەر، بۆیە دەبینین لە هەندێ شوێندا کەباسێك دەگێڕێتەوە هەڵدەستێ بەرروونکردنەوەیەکی کەم، جا ئەو رونکردنەوەیە ناوێك بێت یاخود زانیاریەکی زیادەبێت یاخود هەرتێبینیەکی تر. وەك لە لەسەرەتای ژیاننامەکە و لە باسی سەردەمی پێش لەدایکبوونی پێغەمبەردا (د.خ) کاتێك باس لە مردنی باوکی دەکات، دەڵێت لەهەموو ماڵی دونیادا پێنج ووشتر و چوار مەڕو کەنیزەکێکی لەپاش بەجێما کەناوی (بەرەکە) بوو( 2021، ب6، 320). کاتێکیش ناوی (بصرا) دەهێنێت ڕاستەوخۆ دەڵێت –کەناوی شارێکە لە وڵاتی شام- وەهەر دوای ئەویش کاتێك باسی کڵێسایەکی ئەوێ دەکات، دەڵێت: گەورەی ئەو کڵێسایە کەناوی نسطورا ، قەشەی هەرە گەورەی گاورەکان بوو. هەردواتریش کەباسی ئەو پیاوە دەکات لەگەڵ پێغەمبەر بووە لە شام ناوەکەی بەشاراوەیی بەجێناهێڵێت و دەڵێت: - ناوی میسرە - بوو .

پاشان ڕونکردنەوە لەسەر ئەو بارودۆخە دەدات کە محەمەد ی تێدا گەورە بوە و دەڵێ: ئەم پێغەمبەرە نازدارە نە باوك ودایکی خۆی دیوە نە لەلەیەکی بووە ئامۆژگاری بکات، نە مامۆستایەکی بووە ڕەوشت و خووی فێر بکات، بەهەژاری و نەخوێندەواری گەورە بووە، لەناو گەلێکی ناداتی بت پەرستی بێ وێڵی بێ ڕەوشت و خۆی خاوەن پروو پووچا ، بەپێی دەستوور و باوی خوا لەجیهاندا ئەبوایە لەسەر ڕەوشتی ئەوان گەورە ببوایە وە هەرزەیی و خوی ئەوانی بگرتایە کەچی بە پێچەوانەی ئەوە ڕۆژبەرۆژ لە ژیریی و بیر و تێگەیشتن و پێگەیشتن و هونەرمەندیدا سەرئەکەوت و پێشئەکەوت( 2021، ب6، 322-323).

لەباسی کۆچکردنی موسڵمانان بۆ حەبەشە دەڵێت: هەرچەند بەدیمەن بەناوی کۆچەوە بوو بەڵام لەدڵەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام بوو( 2021، ب6، 326).

لەباسی حاڵی قورەیشیەکاندا لەکاتی بیستنی پەیمانی عەقەبەدا دەڵێت: بەیانی قورەیشیەکان کەئەم پەیمانەیان بیست لەخەفەتا وەختەبوو بمرن بەڵام تازە کارلەکار ترازا بوو ( 2021، ب6، 329).

لەدوای باسی کۆتاوتاری پێغەمبەری خوادا (د.خ) دەڵێت: لەپاشا بردیانەوە بۆماڵەوە دوای دوو سەعات کۆچی دوایی کرد، وەئەم سپاردە گەورەیە کە ئاینی ئیسلامە بۆ موسڵمانانی بەجێهێشتك..... ئەم پێغەمبەرە خۆشەویستە کۆچی دوایی کرد بێ ئەوەی درهەمێك یان دینارێك یان ناوماڵێك یان کیلۆیەك زەخیرە بەجێبهێڵێت ( 2021، ب6، 335)

## ■ گرنگیدانی بە هەواڵ وگێڕانەوە ڕاستەکان:

هەروەك ئاماژەمان پێدا هۆکاری سەرەکی نوسینی ئەو سیرەیە لەلایەن شێخ محەمەدی خاڵەوە خودی ئەو هەموو نوسین و وتارە خراپ و پڕ لە هەواڵی ناڕاست و دروستە بوو کە پێش نوسینەکەی شێخ محەمەد لە کۆمەڵگای کوریدا هەبوو و دەستا و دەماو دەمی پێدەکرا( 2021، ب6، 319).

لەم تێڕوانینەوە دەبینین ئەو سیرەیەی کە شێخ نوسیویێتی قۆناغێکی باشی لە تاوتوێکردن و گەڕان بەدوای هەواڵی ڕاست و دروست و وەلانانی هەواڵە درۆ و پوچەکاندا بڕی. وە لەزۆر شوێندا پاڵپشتی گێڕانەوەکانی بەبەڵگەی ڕاست و ڕوون دەهێنێتەوە کە زۆرجار بەڵگەی قورئانە( 2021، ب6، 325و327و 329و 330و332و334و 335و351و352ی )، کە ئەم سەرچاوە پیرۆزە لەپێشەنگی سەرچاوە ڕاستی و دروستەکانن بۆسەرجەم ئەو کتێبانەی لەبواری ژیاننامەی پێغەمبەرەوە(د.خ) نوسراون( العمري، 2013، 62). یاخود لە فەرمودەی سەرچاوە متمانەپێکراوەکانەوە وەری گرتون، کە خودی سەرچاوەکانی بواری فەرمودە

مەودایەکی فراوانیان بۆ ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) تەرخانکردوە( العمري، 2013، 64)، کە بێگومان بەئاگایی شێخ محەمەد لەم ڕۆڵە گرنگەی فەرمودە وایکردوە زۆرجار لەنوسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوادا(د.خ) پەنای بۆ ببات ( 2021، ب6، 324و329و 333و334و380) .

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا لەهەندێ حاڵەتدا باس و بابەتی گێڕاوتەوە کە لەنێوان زانایانی بواری فەرمودەدا جیاوازی زۆر لەسەر ڕاستی و دروستیان هەیەو ڕاستیەکەی بەتەواوی یەکلانەبوەتەوە، بەڵکو زیاتر قسە لەسەر لاوازیان کراوە هەروەك لەبابەتی لەدایکبونی محەمەد(د.خ) ( 2021، ب6، 321)، و دەرگای ئەشکەوت تەنین و هێلانەدروستکردن لەسەری لەلایەن کۆتر و جاڵجاڵۆکەوە لەکاتی کۆچکردنی بۆ مەدینە ( 2021، ب6، 330 ، ابن قيم، 2005، 47، الالباني، مجلد 3 ، 2000، 259-260 ) و دوعاکردنی: اللهم اليك اشكوا ضعف قوتي وقلة حيلتي....) لە ڕوداوی تائیفدا ( 2021، ب6، 381) (الالباني، مجلد 6، 2000 ،259- 260 ، العمري، 2013، 214و215 و 238، الغزالي، 2014، 126، شارەزووری، 2021، 167)

**ئەنجام**

لەکۆتایی ئەم توێژنەوەیەدا گەیشتینە چەند ڕاستیەك کە دەکرێت لە خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

1- شێخ محەمەدی خاڵ میتودێکی وەسفی و مێژوویی لەنوسینی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلامدا بەکار هێناوە کەزۆرجار تێکەڵ بووە بە ڕاڤەکردنێکی شیکاری زانستیانە.
2- شێخ محەمەدی خاڵ زانایەکی فرە زانست بوە و لەبابەتی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلامیشدا (د.خ) و بەزمانی کوردی یەکێك لەشاکارەکانی نوسیوە .
3- لەم نوسینی ژیاننامەیەدا هەتا بۆی کرابێت ئەو هەواڵ و گێڕانەوانەی تۆمار کردوە کە بابەتی ڕاست و دروستن و خۆی لە هەواڵی ناڕاست و هەڵبەستراو بەدور گرتوە.
4- شێخ محەمەدی خاڵ یەکێك بوە لەو زانایانەی کە ویستویەتی چاکسازیەکی بنەڕەتی لە نوسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلامدا (د.خ) بکات و دوری بخاتەوە لەو قسە باو و ناڕاست و هەڵبەستراوانەی کەهەتا سەردەمی خۆی لە بۆنە و مەولودنامەکاندا لەبارەی ئەو ژیاننامەیەوە باو بوە و وتراوە.
5- ڕاستە شێخ محەمەدی خاڵ بەرهەمێکی تایبەتی بەناوی (مەولودنامەی نەو ئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر) تەرخان کردوە بۆ نوسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە کە تەنها لەدوتوێی ئەو بەرهەمەدا باسی لەو ژیاننامەیە کردبێت، بەڵکو لەهەر شوێن و بابەتێکی تردا باسکردنی ئەو بابەتەی بە پێویست زانیبێت باسی کردوە و نمونەی لێهێناوەتەوە، وەك ئەوەی لە تەفسیرەکەی و وتارە جیاجیاکانیدا بەرچاومان دەکەوێت.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم : سەرچاوە کوریەکان**

1- ئینسکلۆبیدیای کورد،2018، چ1، سلێمانی، بەرێوەبەرایەتیەکانی گشتی کتێبخانە گشتیەکان.
2- خاڵ، شێخ محمد،2021، ناڵەی دەروون 2 ، کۆبەرهەم ، کۆمەڵە وتارێکی وێژەیی و مێژوویی و ئاینی و کۆمەڵایەتین،چ1 ، پێداچوونەوە و هەڵەچنی: د.ئاراس محەمەد صالح، سلێمانی، ناوەندی هزری ڕۆشنبیری خاڵ
3- خاڵ، شێخ محمد،2021، تەفسیری خاڵ، کۆبەرهەم 1، جزمی 1 و 2 و 3 و 4، سلێمانی، ناوەندی هزری ڕۆشنبیری خاڵ
4- رۆحانی، بابەشێخی مەردۆخ، 2011، مێژووی ناودارانی کورد، چاپی 1 ، بەرگی 2، هەولێر، ئەکادیمیای هەولێر
5- شارەزووری، محەمەد ملا فائق، 2021، ژیانی پێغەمبەری خوا لەقورئان و فەرمودەکاندا، چ 4، بەرگی1

sjh@univsul.edu.iq

**ثانيا : المصادر العربية**

**أ-المصادر الأولية**

6- ابن اسحاق، محمد بن إسحاق بن يسار المدني (ت151هـ/768م ) ، 2004، السيرة النبوية، تحقيق و تعليق احمد فريد المزيدي، ط 1، بيروت، دار الكتب العلمية
7- البخاري، ابي عبد الله محمد بن إسماعيل بن ابراهيم، (ت 256ه / 869م)، 2004م، صحيح البخاري، ترقيم وترتيب: محمد فؤاد عبدالباقي، ط1، القاهرة، دار ابن الهيثم
8- ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين أبي الفضل أحمد بن علي. العجاب في بيان الأسباب
9- ابن حزم، أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد الأندلسي، 2003، جوامع السيرة، تح: د.احسان عباس و ناصرالدين الأسد، القاهرة ، دار المعارف
10- ابن سعد، محمد بن سعد بن منيع الهاشمي البصري (ت230ه / 844م )، 1997م، طبقات الكبرى، ج1، دراسة وتحقيق محمد عبدالقادر عطا، ط 2، بيروت، دارالكتب العلمية
11- ابن عبد البر، يوسف ابن عبدالبر النمري،1992، الدرر في اختصار المغازي والسير، تح: شوقي ضيف، ط2، القاهرة ، دارالمعارف
12- ابن قيم الجوزي، 2005، ج3، دمشق، مؤسسة الرسالة
13- المسعودي، ابي الحسين علي بن الحسين بن علي (ت 346 ه / 957م )، د.ت، مروج الذهب ومعادن الجوهر، ج2، تحقيق مصطفى السيد بن ابي ليلى، القاهرة، المكتبة التوفيقية
14- ابن هشام، أبي محمد عبدالملك بن هشام المعافري ( ت213ه / 828م)، 2001، السيرة النبوية، تخريج وتحقيق وليد بن محمد بن سلامة و خالد بن محمد بن عثمان، ط 1، القاهرة، مكتبة الصفا

**ب-المراجع الحديثة**

15- الالباني ، محمد ناصرالدين، 2000 م، سلسلة الأحاديث الضعيفة و الموضوعة، مجلد 3 و 6، الرياض، مكتبة المعارف للنشر و التوزيع
16- البيضاني، جواد كاظم، 2012،التاريخ و المؤرخون، بيروت ، دار و مكتبة البصائر
17- الخضري، محمد بن عفيفي،2004، نور اليقين في سيرة سيد المرسلين، تحقيق :هيثم هلال، - بيروت- دار المعرفة
18- عبد الوهاب،محمد،1993، مختصر سيرة الرسول، مراجعة: حياة مأمون شيحا، بيروت، دار المعرفة
19- الغزالي، 2014، فقه السيرة، تخريج الأحاديث: محمد ناصر الدين الألباني، ط8، القاهرة، دار الشروق
20- العمري، د.أكرم ضياء، 2011م، عصر الخلافة الراشدة محاولة لنقد الرواية التاريخية وفق المناهج المحدثين، ط 7، الرياض، مكتبة العبيكان
21- العمري، د.أكرم ضياء ، 2013م، السيرة النبوية الصحيحة محاولة لتطبيق قواعد المحدثين في نقد روايات السيرة النبوية، ط6 ، الرياض، مكتبة العبيكان
22- العواجي، محمد بن محمد، (2004م)، كتاب مرويات الامام الزهري في المغازي، ط 1، د.م.ط
23- الهوراماني، د.عدنان عبدالقادر كامل، 2021، فهرس مخطوطات الشيخ محمد الخال الكردي في مكتبة الأوقاف المركزية في السليمانية، ط 1، السليمانية، رينوين
24- وهيب، سعد عدوان،1997، محاضرات الآدب الآسلامي، تحقيق : عبدالحكيم محمد الأنيس، ط1 ، السعودية، الدمام، دار إبن الجوزي.

**الملخص:**

يعد الشيخ محمد الخال من أبرز العلماء المشهورين الذين برزوا في تاريخ الكرد المعاصر. فقد اهتم وأبدع في اختصاصه كعالم وقاضي وباحث في العلوم الإسلامية. تميز بعلمه الواسع في الفكر والتفسير، وله العديد من المؤلفات التي ساهمت في نشر العلوم الإسلامية. وقد اعتمد في منهجه على العودة إلى المصادر الإسلامية الأصلية، وفي مقدمتها القرآن والسنة النبوية، مع التأكيد على القراءة الجديدة لهذه النصوص وعدم خلطها بالأخبار والخرافات التي طال عليها الزمن وكاد المجتمع أن يقع بسببها في مستنقع الجهل والظلام.

من هنا ارتأينا أن ندرس منهجية الشيخ محمد الخال في كتابته عن السيرة النبوية ومدى اتباعه للمنهج الرصين وتميزه عن الكتب الأخرى التي سبقته، وخاصة ما ألف باللغة الكردية. وقد رصدنا منهجيته في تناول السيرة النبوية وعرضنا كيفية تعامله مع المقدمة والمحتوى والخاتمة وكل الفقرات التي تدخل ضمن الأسلوب الخاص بالمؤلف، كي نستخلص منها المنهجية التي طغت عليه في كتابته السيرة النبوية.

وأخيرا، وصلنا إلى مجموعة من النتائج التي تثبت أن الشيخ محمد الخال استخدم في تناوله لحياة النبي ﷺ المنهج الوصفي التاريخي، مع التركيز على الاختصار واعتماد عبارات قصيرة مركزة تجمع في طياتها صورة لتاريخ طويل.

**Abstract**

Sheikh Muhammad Al-Khal is one of the most prominent scholars in contemporary Kurdish history. He excelled in his field as a scholar, judge, and researcher in Islamic sciences. Distinguished by his extensive knowledge in jurisprudence and exegesis, he authored numerous works that contributed to the dissemination of Islamic knowledge. His methodology was based on returning to the original Islamic sources, primarily the Quran and the Sunnah, while emphasizing a new reading of these texts and avoiding the myths and fabrications that had accumulated over time, which had led society into ignorance and darkness.

In this study, we aim to examine Sheikh Muhammad Al-Khal's methodology in writing about the Prophet's biography and how it adheres to a rigorous approach, distinguishing it from previous works, especially those written in Kurdish. We analyzed his approach to the biography, including his handling of the introduction, content, and conclusion, and all sections that reflect his unique style, to derive the methodology that dominated his writing of the Prophet's biography.

sjh@univsul.edu.iq